**نیاز جەمال**

# حەز لە هیچ ڕۆڵێک ناکەم کە دیاری کراو بێت



نیاز جەمال لە ساڵی ١٩٨١ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە بەشی شانۆ بەشداری دوو درامای کردووە، بەناوی (ڕۆژێکی نوێ و چارەنووس) لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستمانزانی لە نزیکەوە بیدوێنین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.

**پرسیار: درامای کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینی و چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

وەڵام/ بە گشتی ئێستا درامای کوردی لە ئاستێکی باش دەبینم، چونکە هەندێک لە دراماکانی ئێستا باس کردنە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی و سیاسی واقعیەتی نێو کۆمەڵگەن.

**پرسیار: تا چەند ئەو کەسایەتییە لە خۆتدا بەدی دەکەی کە لە درامای ڕۆژێکی نوێ ڕۆڵت تێدا بینی؟**

وەڵام/ ئەگەر بە ڕاشکاوانە پێتان بڵێم تا ڕادەیەک ئەو کەسایەتییە لەخۆمدا بەدی دەکەم.

**پرسیار: ئایا پێتوایە سیناریۆی دراماکانی ئێستا واقیعیەتی نێو کۆمەڵگەن؟**

وەڵام/ بەڵێ هەندێک لە سیناریۆی دراماکانی ئێستا وەک پێشتر وتم واقیعیەتی نێو کۆمەڵگەی کوردین.

**پرسیار: زیاتر لە درامادا حەزت بە ڕۆڵ بینینی چ کەسایەتییەکە؟**

وەڵام/ هەر ڕۆڵێک کە لە گەڵ کەسایەتی مندا بگونجێ گرنگ نییە، بەتایبەت حەز لە هیچ ڕۆڵێک ناکەم کە دیاریکراو بێت.

**پرسیار: خەونی نیاز چییە؟**

وەڵام/ خەونی من ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو و وە هەروەها بتوانم ڕۆمان بنووسم.

**پرسیار: دوا وتەت چییە؟**

وەڵام/ لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**ئا: ڕۆژگار موحسین**

# کیسەڵێکی تایەدار



شارەزایانی نیوزلەندا بەدروست کردنی تایەکی بچووک توانیان ژیانی کیسەڵێک بگێڕنەوەداوای ئەوەی ئەو کیسەڵەی لەم وێنەیەدا دیارە قاچێکی لە کاردەکەوێ و توانای ڕۆیشتنی زەحمەت دەبێ ، ئەو زانایانە کۆمەکی دەکەن و چەرخێکی بچکۆڵەی بۆ دروست دەکەن ، دوای ئەو کارە سەیریان کرد کیسەڵەکە لە جاران زۆر خێراتر دەڕوات .

زانایان بەو هۆیەوە ئاهەنگێکی خنجیلانەیان ساز کردو شادمانی خۆیان پێشاندا .

# لەداخی منداڵەکانی، ژنە خۆشەویستەکەی دەکوژێ



پیرەمێردێک بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئازاری ژنە نەخۆشەکەی بهێنێ، کوشتن بە باشترین چارەسەر دەزانێ و ئەنجامی دەدات.

هەفتەی ڕابردوو پیرەمێردێکی دانیشتووی گەڕەکی سەیدولشوهەدای شاری تاران کاتێ لە چاکبوونەوەی ژنە نەخۆشەکەی بێهیوا دەبێ، منداڵەکانیشی چیتر ئامادە نابن خزمەتی بکەن، لە کردەوەیەکی ترسناکدا بە کوڵنگ ژنەکەی خۆی دەکوژێ.

لەکاتی لێپرسینەوەدا بکوژی پیر ڕایگەیاندووە کە ئەو مەبەستی کوشتنی ژنەکەی نەبووە، بەڵام کاتێ نەخۆشیەکەی زۆری بۆ هێناوەو پزیشکەکانیش بێهیوایی خۆیان لە چاکبوونەوەی دیارکردووەو منداڵەکانیشی فەرامۆشیان کردووەو خزمەتی دایکیان نەکردووە، ئەویش بۆ ئەوەی ژنەکەی ڕزگار بکات و چیتر ئازار نەبینێ بە ناچاریەوە کوشتوویەتی.

بکوژی پیر دانی بەوەدانا کە لە ڕکی منداڵەکانی ئەو تاوانەی کردووە، ئێستاش ئامادەی هەر جۆرە سزایێکە!!

# بریتنی داوای جیابوونەوە دەکات



گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی، بریتنی سپێرز سکاڵای لە دادگەی لۆس ئەنگلس تۆمارکردووەو داوای جیابوونەوەی لە کێڤین فیدرلینی مێردی کە گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی ناودارە، کردووە.

بریتنی ٢٨ ساڵە دەخوازێ کە دادگە جیابوونەوەکە پەسند بکات و مافی بەخێوکردنی هەردوو منداڵەکەشی پێبدات. لەلایەکی دیکەشەوە کێڤین فیدرلی داوای لە دادگە کردووە کە مافی بەخێوکردنی منداڵەکان بە دایکیان نەدرێ، بەڵکو بەخۆی بدرێ، چونکە ئەو دەتوانێ باشتر پێیان ڕابگا و بەشێوەیەکی باشتر پەروەردەیان بکات.

ئەوەی شیاوی باسە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو ئەو دوو هاوسەرە بەیەکەوە سەردانی هەرێمی نیۆیۆرکیان کردبوو، کەچی هەر دوای ئەواگەشتە ناکۆکی لەنێوانیاندا پەیدابوو، یەکسەر دەرگەی دادگەیان گرت و داوای جیابوونەوەیان کرد.

کێڤین ڕایگەیاند کە ئامادەیە بەرگەی ئەو شەڕەی دادگە بگرێ و هەوڵی بەدەستهێنانی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بدات، بە شێوەیەک کە لەبەرژەوەندی منداڵەکان دابێ و دایکیشیان بتوانێ هەفتانە سەردانیان بکات و بیان بینێ.

# خاڵۆ ئەواکس دەڵێ



**دەڵێن** پارێزگارێک لە ناو پایتەختدا پێنج دانە خانووی لە ڕیز یەکترەوە کڕیوە، بەنیازە شەشەمین خانووش بکڕێ، بەڵام خاوەن خانوو لێی لە ڕک ڕاچووەو پێی نافرۆشێ. گوایە کاکی پارێزگار چەندین جار خەڵکی ڕەوانەی لای کردووە، دووقات نرخی پێداوە کەچی ئەو نایفرۆشێ. خەڵکی گەڕەک نازانن جەنابی پارێزگار ئەو ڕیزە خانووەی بۆچییە ؟!

**سەرۆکی** حکومەت لە گوتارێکی خۆیدا لەبەردەم سەدان ڕۆشنبیردا گوتی: کوردێک لە هەر شوێنێکی جیهان بێ ئێمە هاوکاری دەکەین، هاوکاری دەیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەکەین. قسەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرا، ڕۆشنبیرێک گوتی: ئێستا تێگەیشتم ئێمە نەکوردین و نە لە جیهان دا دەژین و نە ڕۆشنبیریشین دەنا حکومەتی هەرێم هاوکاری ئێمەشی دەکرد !

!

**کەباسی** ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان دەکرێ، هەندێ کەس مووی لەشیان ڕەپ ڕادەوەستێ و ئەمە بە کوفرێکی گەورە دەزانن و دەڵێن: میرەکانی وڵاتانی کەنداو هەموویان نەزان و کەمتوانان، خێڵەکین و کەسیش لەسەرچاوەی دارایی ئەوان ناپرسێتەوە، بەڵام خەڵکی کوردستان ڕێزی گەورەکانی خۆیان ناگرن!! داوای ئەوەیان لێ دەکەن کە سەرچاوەی داهاتەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن، ئەگەر ڕۆشنبیر بن، دەزانن دەوڵەمەندی سەرکردە واتای دەوڵەمەندی میللەت دەگەیەنێ!!

**دەڵێن** بەرپرسێک لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە نزیکەی ١٥٠٠ پۆلیسی وەک پاسەوانی تایبەتی بۆ خۆی دامەزراندووە، لە کاتێکدا بەر لە یەکگرتنەوە ئەو بەرپرسە بە خەڵکی دەگوت: حکومەتی هەرێم وەکو گوشێک وایە پڕ پۆلیس بووە ئەگەر یەک دانە پۆلیسی دیکە دابمەزرێ ئەوە گوشەکە دەتەقێ !!



# یەکگرتنەوە وادەبێ

لەم ماوەیەی پێشوو کۆریای باشوور و باکور بۆ بەرژەوەندی گشتی و لەبەرخاتری تکاو داوای خەڵکی ڕەشوڕوت یەکیان گرتەوەو کۆتاییان بە کێشەو گرفتی چەندین ساڵەیان هێناو بڕیاریاندا ئیتر بەڕاستی خزمەتی خەڵکی بکەن، چونکە ئەوان پێیان وایە خەڵکی شایانی ئەوەیە خزمەتی بکرێ، کە پێموایە ئەمە سیاسەتیکی تازەیە کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە میللەت شایانی خزمەتکردنە، بەڵام ئەوەی سەرنجی چاوگێڕانی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە تانهۆش لەبەری باکور ئەلفبێی (ئیبراهیم باڵدار) و لەبەری باشور ئەلفبێ تازەکەی مامۆستا (عەبدوڵڵا ) دەخوێندرێ. جگەلەوەش بە چەندین کۆنترۆڵدا تێدەپەڕی گەر بتەوێ بچییە باشورو هەروەها لەوێشەوە بەهەمان شێوە چەندین کۆنترۆڵی تر دەتپشکنێ نەوەک لەبەری ئەوبەر خوانەکا ڤایرۆسی ئایدزو ئەنفلەوەنزای پەلەوەرت لەگەڵ خۆت هێنابێتەوە.

ئەوەی زۆر خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە لەم یەکگرتنەوەیەی هەردوو کۆریایەدا ئەوەیە کە شتێک کەمتر لە حکومەتی چینی دراوسێیان وەزیرییان هەیەو پەرلەمانێکی خەوخۆش و هەزاران مودیرعام، خەڵک پرسیاری ئەوە دەکات تۆ بڵێی ئەم هەموو وەزیرە چی بۆ ئەم دوو گەلە جیاوازەی هەردوو کۆریا بکەن، چونکە گرفتی سەرەکی هەردوو گەل ئەوەیە کە سواری پاس دەبن نازانن بڵێن لە کوێ دابەزین هەیە؟ لەبەر هێندەی تەواوی شەقام و کوچەکانی وڵات ناوی دوو شەهید یاخود دوو پاڵەوانی هەردوو حزبی خاوەن حکومەتی پێشووی لەسەرە، کە هەندێکیان لەشەڕی جیابوونەوەی هەردوو کۆریادا گیانیان سپاردوو کرانە قوربانی یەک گلوولە بە قەولی فارس، بەڵام ئەم یەکگرتنەوەیەی هەردوو کۆریا بۆ خەڵک بۆتە گەورەترین نەهامەتی و هەندێکجار لەدامودەزگاکانی میریدا گوێت لێیە خەڵک نارەزایی دەردەبڕن و دەڵێن شاڵڵا حکومەت هەردودان بووایەو نەبوایەتە یەک، چونکە خەڵک ئیشی ناڕوات، دەبێ بۆ دامەزراندنێک سەردانی پایتەختی کۆریای ئەوبەر بکەیت ئەمەش بۆ هاوڵاتییەکی کۆریای ئەمبەر زۆر قورسەو تێچوونی زۆری دەوێت سەرباری ئەوەش هەڵکوت هەڵکوت دەچییە بەردەم کاکی وەزیرو جەنابیشی زۆر بە هێمنی دەڵێ: ئێستا من دەڕۆم بای باڵی خۆم بەم، بەڵکو سبەی بێیتەوە ئەوسا ڕەنگە سەیرێکی ئەرزو حاڵەکەت بکەم.

ئەوەی لەم ناوەدا بۆتە گرفت بۆ هەردوو کۆریاکەو ئەو پەرلەمان و حەمکە وەزیرەی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە نازانن وێنەی کام سەرۆکیان فەرزکەن بەسەر هاوڵاتیان و دامودەزگاو خوێندنگەو شوێنە حکومییەکانی تردا، چونکە حزبی هەردوو حکومەتی پێشوو سورن لەسەر ئەوەی وێنەی سەرۆکی حزبەکەیان شیاوی ئەوەیە لەو شوێنانە هەڵواسرێت، بەڵام بۆ بەختەوەری و شادمانی میللەت پەرلەمانە تازەکەی کۆریا دوای چەند دانیشتنێکی گەرموگوڕ ئەو مەسەلەیەی چارەسەرکردو بڕیاردرا لەمەودوا وێنەی هەردوو سەرۆکی هەردوو حزبی خاوەن حکومەتی پێشوو پێکەوە کۆلاجبکرێت و لەو شوێنانە هەڵواسرێت. بەمجۆرە پەرلەمان گەورەترین گرفتی بەردەم میللەتی چارەسەرکرد.

jabardllopa@yahoo.com

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com